# چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی
# لە ناکۆکیدا لەگەڵ بەلشەفیستەکان

## کاونسڵ کۆمۆنیزم لە مێژوودا




نووسینی: ئەنوەر نەجمەدین

نۆڤەمبر / ٢٠٢٢

## ١) ڕەگی مێژوویی چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی

لەناو قەیرانەکان و بزووتنەوە ناکامڵەکەی کارگەرانەوە لەم چەرخەدا، بە مێژوویەکدا دەچینەوە کە تادێت لەم ڕۆژگارەدا بایەخی بەرزتر دەبێتەوە. هەر لە سەرەتایشەوە خوێنەر تێدەگات لەم ئەرکەدا، بە هیچ جۆرێک باسێک برەو پێنادەین بمانباتەوە سەر ئایدیای پێغەمبەرە سیاسیەکان، بەڵکو بە ڕووداوە واقیعیەکاندا دەگەڕێینەوە بۆ دەستخستنی مەعریفە لە مێژوویەکی ماتریالیستی لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی بزووتنەوەی سۆشیالیستیی جیهانی و ناکۆکیەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیەدا لە هەردوو لایەنی فیکری و فۆرمی ڕێکخراوەییەوە. ئەمەیش بە مەبەستی نزیکبوونەوە لەو ناکۆکیە فیکری و پراکتیکیانەی کە ئەم چەرخە شۆڕشگێریە بایەخیان پێدەبەخشێتەوە. ناچاریشین بەشێک لە "چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی KAPD-AAUD-KAPN"[1] خۆیان بهێنینە ناو باسەکەوە هەتا لە

---

[1]. *Kommunistische Arbeiter-Partei Deutschlands* (KAPD), Communist Workers Party of Germany حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی ئەڵمانیا.

*Kommunistische Arbeiter-Partei Deutschlands (*AAUD), The General Workers' Union of Germany - یەکێتی گشتیی کرێکارانی ئەڵمانیا- ڕێکخراوێک بوو لە ناو کارگەکاندا دامەزرێنرا لە سەردەمی شۆڕشی ئەڵمانیادا لە ١٩١٨-١٩١٩ دا دژی سەندیکا.

*Kommunistische Arbeiders-Patrij Nederland (KAPN),* The Communist Workers' Party of Netherlands - حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی هۆڵەندا.

حیزبی شیوعی کرێکارانی بولگاریایش یەکێکی ترە لەو چەپانەی لە کۆمینترن جیادەبێتەوە دژ بە تێزەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سەندیکالیزم و هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرمایەداریی دەوڵەت و هتد، بەڵام ئەو حیزبە هاوبەشیەکی دیاری نییە لەو بزووتنەوەیەدا، بۆیە لەم باسەدا یاد نەخراوەتەوە.

زوبانی ئەوان خۆیانەوە، خوێنەر ببەینە ناو ئەو مێژووەی لە سەردەمێکدا دوو تەوژمی بە جیهان ناساند بەناوی "مارکسیستەکان" و "لینینیستەکان"، یان: "سۆشیالیزمی دەوڵەتی" و " کاونسڵ کۆمۆنیزم (الشیوعیة المجالسیة - Council Communism)". هاندەری ڕاستەوخۆیش بۆ یادهێنانەوەی ئەم باسە مێژوویە گرنگە لەم ساتەوەختەدا، ئەو جەنگە چینایەتیەیە کە لە سەردەمە شۆڕشگێریەکاندا، بەردەوام لەپشت قەیرانە ئابووریەکانی جیهانەوە گەشەدەسێنێت، ئەمە بەتایبەت لە ئێران و عێراقدا کە لەم کاتەدا (۲۰۱۹-۲۰۲۲) بوونەتە ئەڵقەیەکی بەهێزی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای جیهانی، ئەو بزووتنەوەیەی وەک پێویست بە ڕابووردوودا دەچێتەوە هەتا حازر ووردتر ببینێت. ئێمەیش لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوە مێژووییانەی چەندانجار لەم یان ئەو ناوچەی جیهاندا شەڕی چینایەتیی تێدا یەکلاکراوەتەوە و بەردەوام لەو وەهمانەی کۆن کردووە کە لەڕووی مێژووییەوە هیچ بایەخێکیان بۆ نامێنێتەوە سەبارەت بە بزووتنەوەیەک ئاییندە لەبەرچاو دەگرێت نەک چاککردنی حازر، بەتایبەت ئەمە لە شۆڕشی کۆمۆنە (۱۸۷۱) و شۆڕشی ڕووسی-ئەڵمانی-ئیتاڵی ۱۹۱۷-۱۹۲۳ دا دەردەکەوێت کە تەواوی هێڵە گشتیەکانی پرۆگرامی مێژوویی پرۆلیتاریاو ئەرکی ئەو چینەی خستۆتەڕوو. وە لەگەڵ ئەوەی لەم بارودۆخە شڵەقاوەی جیهاندا چەندان تەوژمی چەپ وا دەبینن گوایە پرۆلیتاریا دەیەوێت بە هەمان ڕێچکە کۆنەکاندا گوزەر بکاتەوە، ئێمە بەپێچەوانەوە وا دەبینین پرۆلیتاریا لە قەیرانەکاندا، هەمیشە دەگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵەی لەوەوبەر بە نیوەناچڵی جێیهێشتووە. بۆیە واز لە هەموو ڕێزێکیش دەهێنێت بۆ ڕابووردووی و بە توندیش دەکەوێتە ڕەخنەگرتنی، لەکاتی خۆیشیدا هەموو بیرەوەریەکانی شۆڕشی برجوازی دەخاتەلاوە و چیتر زیندوویان ناکاتەوە. ئا ئەمە بایەخێکی جیهانیی هەیە نەک ناوخۆیی و نیشتمانی. هەر لەو بایەخە مێژوویە جیهانیەیشەوە دەڕوانینە ناکۆکی "چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی" لەگەڵ بەلشەفیستەکانی ڕووسیادا کە ئەو ناکۆکیە بۆ ماوەیەک ناو

خودی بەلشەفیستەکان خۆشیان دەگرێتەوە وەک لە باسەکەدا دەیخوێننەوە. ڕەگی ئەو خلافانەیش لە لایەک دەگەڕێنەوە سەر ڕەخنەکانی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ (١٩١٥-١٩١٨) لە سۆشیال-دیموکراتەکان و ڕۆڵی لینین و ترۆتسکی بەرامبەر بە شۆڕشی ئینترناسیۆنالیستی، لە لایەکیشەوە لەو ناکۆکیانەوە سەرچاوە دەگرێت کە چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی دەخاتە مشتومڕێکی توندەوە لەگەڵ کۆمینترن (ئینترناسیۆنالیزمی سێهەم).

با ئێستایش بچینە سەر چەقی باسەکانی چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی، ڕاستتر کاونسڵ کۆمۆنیزم. بۆ ئەم بابەتە مێژوویەیش ژمارەیەک لە لێکۆڵەرەوەکان و چەپە کۆمۆنیستەکان خۆیان دەکەینە شاهیدی مێژوویی.

## ٢) مێژووی سەرهەڵدانی چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی

پیتەر ڕەچلیف دەنووسێت: "لە ڕووی تیۆری و سیاسییەوە کاونسڵ کۆمۆنیزم لە ئەڵمانیا و هۆڵەندادا لە ساڵانی ١٩٢٠ کاندا، چ لە ڕووسیادا و چ لەسەر ئاستی ئینترناسیۆنالیستی، وەک ئاڵترناتیڤێکی جیاواز بۆ تیۆری لینینیستی دەربارەی شۆڕش و پراکتیکە سیاسییەکەی و ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەمیش سەریهەڵدا. لە سەرەتایشەوە تیۆریەکانیان لە ئەزموونی بزووتنەوەی کۆمیتە کارگەریەکانەوە هەڵدەهێنجا، لە شۆڕشی شکستخواردووی ١٩١٨ ی ئەڵمانیاوە، لە ساڵە سەرەتاییەکانی کۆماری ڤایمار (Weimar Republic)[2] و لێکۆڵینەوەیان لە

[2]. هەموو ئەو حیزبانەی داوای کۆمارێکی پەرلەمانتاریستییان دەکرد، وەک سۆشیال-دیموکرات، کاسۆلیکەکان، دیموکراتەکان، لە ١٩١٨ دا ئەو کۆمارەیان کردە حەقیقەت. سۆشیال-دیموکرات بەهێزترین حیزبی ئەو سەردەمە بوو، سەرکردەکەشیان، فرێدریک ئیبێرت، بووە یەکەمین سەرۆکی کۆماری ڤایمار. هەر ئەو حکومەتەیش بە سەرۆکایەتی سۆشیال-دیموکرات، لیبکنخت و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ تیرۆر دەکات دوای گرتنیان لە ڕاپەڕینی ١٩١٩ دا.

بزووتنەوەی کۆمیتەکان (یان "سۆڤیەت") لە ڕووسیادا لە سەردەمە شۆڕشگێڕییەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ دا. بەڵام تیۆری کۆمیتەگەری بە تەواوی سەریهەڵنەدا، بەڵکو لە چەند دەیەیەکی دواتردا برەوی سەند، ئەمەیش لەسەر بنەمای ڕەخنەیەکی پاڵاوتەکراو لە ئەزموونی لینینیستی لەسەر ئاستی ڕووسی و ئینترناسیۆنالیستی، هەروەها تێگەیشتنێکی تەواوتر و ڕوونتر لە پرۆسەی شۆڕشی پرۆلیتاری و سروشتی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی. سەری تاڵەدەزووی ڕوونی هەموو ئەم چەمکانەیش، خۆبەستنەوە بوو بە مێتود و ڕۆحی شیکاریانەی مارکسەوە[3] لەسەر سەرمایەداری و سروشتی شۆڕشی پرۆلیتاری، ئەمەیش لە سەروو هەموو شتێکەوە بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە: "رزگارکردنی چینی کرێکار ئەرکی خودی کرێکاران خۆیانە"[4]. تێڕوانینێکی بنچینەیی کاونسڵ کۆمۆنیزم ئەوەیە کە ئامراز و ئامانجەکانی پرۆسەی شۆڕش بە شێوەیەکی دانەبڕاو لەیەکتر پێکەوە گرێدراون، ڕێڕەوی شۆڕشیش هەر بە شێوەیەکی حەتمی، سروشتی خودی کۆمەڵگای نوێیش دیاری دەکات. هەر بەم پێیە، ئەو فۆرمە ڕێکخراوەییەی ڕاوێژ دەکرا وەک پرۆسێسێکی گونجاوی شۆڕش، لە هەمانکاتدا وەک دابینکاری بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵگای نوێش دادەنرێت .. پێویستە جەخت لەوەیش بکرێتەوە کە کۆمیتەگەراکان ( کاونسڵیست - Councilist) هەوڵیان نەداوە فۆرمێکی ڕێکخراوەیی،

---

[3]. "بەدڵنیاییەوە کارگەران .. لەسەریانە بەرامبەر بە حکومەتی ڕەسمی، لیژنەی خۆبەڕێوەبردنی ناوخۆیی و کۆمیتە (کاونسڵ - Council) دابمەزرێنن و سەرکەون بەسەر نفوزی برجوازیە دیموکراسیەکاندا" (کارل مارکس، بەرنامەی کۆمەڵەی کارگەرانی جیهان).

[4]. "خۆڕزگارکردنی چینی کارگەران لە کارگەران خۆیانەوە" گووتەیەکی کارل مارکسە. مارکس دەڵێت: "ڕزگاریی چینی کارگەر لە دەستکردی چینی کارگەر خۆیەتی. بۆیە ناتوانین لەگەڵ ئەو کەسانەدا هاوشان ببینەوە کە سوورن لەسەر ئەوەی کارگەران خۆیان ئەو ڕۆشنبیریەیان نیە خۆیان ڕزگار بکەن، وە گوایە پێویستە لەسەرەوە ڕزگار بکرێن".

تیۆری یان پراکتیکی، بسەپێنن بەسەر بزووتنەوەی کرێکاراندا. ئەوان هەر لە سەرەتاوە جەختیان لەسەر فۆمی "کۆمیتە/کاونسڵ" کردۆتەوە، چونکە ئەوان کۆمیتەیان وەک پێکهاتنێکی خۆبەخۆی چینە کارگەریەکە دەبینی لە خەباتیدا دژی سەرمایەداری. ئەوان هەروەک خۆیان بەوەفا مانەوە لەگەڵ خۆڕزگارکردنی چینە کارگەریەکەدا هەر شێوەیەک وەربگرێت" (پیتەر ڕەچلیف، ١٩٧٦).

## ٣) فاکتەری مێژوویی سەرهەڵدانی چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی

ژیل دوڤێ فەرەنسی و دێنیس یۆسێری ئەڵمانی لە بابەتێکیاندا دەنووسن: "جێی سەرسووڕمان نییە سەرچاوە تیۆرییەکان (تا ڕادەیەکیش ڕێکخراوەییەکان) ی چەپی ئەڵمانی، لە دەرەوەی بزووتنەوەی کلاسیکی کرێکاران یان لەناو دڵی ئەو بزووتنەوەیەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لە ژینگەی بزووتنەوەکەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوانە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی-هۆڵەندین. هەر لە سەدەی ١٦-هەمەوە، هەریەکە لە باکووری ئەڵمانیا و بەشی باشووری هۆڵەندا، ناوچەیەکی ئابووری یەکگرتوویان پێکهێناوە ..... لینینیش دەیتوانی ستراتیژێکی شۆڕشگێڕانە دەستنیشان بکات، پێگە دەرەکیەکەیشی ڕێگەی ئەدا کامە باشترینە لە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەوروپی وەربیگرێت لەبری ئەوەی بە تەواوی لەو بزووتنەوەیە دوور بێت. بەڵام سنووردارێە ڕووسیەکەی، ئەویشی وەک سۆسیال-دیموکراسی، بردە ناو هەمان ڕێگای داخراوەوە، زیاتر لەوەیش هەڵوێستە شۆڕشگێڕییەکانی ناکۆک بوون بەیەک: ئەو لەگەڵ ئەوەی شۆڕشگێڕ بوو، هاوبەشی تیۆری کاوتسکیست بوو لە پرسی هۆشیاریی چینایەتیدا. چەپی ئەڵمانی-هۆڵەندی باشترینی لە بزووتنەوەی کارگەرانی ئەڵمانیا وەردەگرت و هەر لەو ئاستەیشدا مایەوە. بەپێچەوانەی لینینەوە، چەپی ئەڵمانی-هۆڵەندی، لە سەنتەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەورووپیدا بوو. بە پێچەوانەی لۆکسمبۆرگیشەوە بوو کە ئەوەندە لەناو سۆسیال دیموکراسیدا نوقم نەبوو بوو ئیفلیجی بکات" **Gilles Dauvé / Denis Authier**.

## ٤) ناکۆکی چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی لەگەڵ سۆشیال-دیموکرات و لینین

بە پێچەوانەی سۆسیال دیموکراسی و بەلشەفیزمەوە، ئارگومێنتی سەرەکیی چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی، کاونسڵ کۆمۆنیزمە، ئەو کۆمیتەیەی هەروەک ڕێکخستنی کۆمۆنە، لە نێوەندی کارگەرانەوە لە کارخانە و شارەوانیەکان و سەر زەویەکانەوە سەرهەڵدەدەن، فۆرمی سروشتیی خۆڕێکخستنی کارگەرانیشە وەک چینێکی کۆمەڵایەتی.

لەو بارەیەوە مارک شیپوەی دەنووسێت: "کاونسڵ کۆمۆنیزم تیۆری خەبات و شۆڕشی چینی کارگەرانە و ئەو ئامرازەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە کارگەران لە خەباتیاندا بەکاری دەهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری و ڕووخاندنی و دامەزراندنی ئیدارەی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی، ئەو ئامرازە کۆمیتە کارگەریەکانە. لە ڕووی مێژووییەوە کۆمیتە (یان 'سۆڤیەت'، لە وشەی ڕووسیەوە بۆ کۆمیتە) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٥ دا لە ڕووسیادا سەری هەڵدا. لەو ساڵەدا کرێکاران لە گەڵێ ناوچەی پیشەسازییدا دەستیان کرد بە مانگرتنی بەکۆمەڵ. لە غیابی هەر ڕێکخراوێکی سەندیکایی فراواندا، ئەو مانگرتنانە لە نوێنەرانی ئەو کۆمیتانەوە ڕێکدەخران کە لەسەر زەویی کارخانەکان هەڵبژێردرابوون" Mark Shipway.

## ٥) بەرنامەی چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی دژ بە بەرنامەی کۆمنترن

چەرخی نوێ هەموو قوتابخانە سۆشیالیستیەکان و باڵە جیاوازەکانی لەژێر دوو ناونیشاندا کۆکردەوە: کۆمۆنە (هەرەوەزکاری) وە سۆشیالیزمی دەوڵەت (سەرمایەداریی دەوڵەت)!

زۆرێک لەمانەی دووهەم هێشتا لە ناکۆکیدان لەگەڵ پاشماوەکانی کۆمەڵگای فیۆدالیدا، کاریشیان پاککردنەوەی شوێنەوارە کۆنەکانی پەیوەندیە ئابووریەکانی

ڕابووردووە چ لە ڕێگای کاری پەرلەمانی و چ لە ڕێگای دەستگرتنەوە بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا و پراکتیزەکردنی ئەوەی ناودەبرێت بە "بەرنامەی لانی کەم". لەمەیش هیچ شتێک بەرهەم نەهاتووە گەشەدانی زیاتر نەبێت بە هێزە وێرانکارەکەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و مۆدێرن تر کردنی پیشەسازی و بازرگانی و لەویشەوە مۆدێرن تر کردنی کۆمەڵگای برجوازی. ئەو چەپانەیشی لە ئێستادا نوێنەریی باڵی چەپی پەرلەمانە برجوازیەکان دەکەن، لە کورسیەکانی خۆیانەوە، بە لووت بەرزیەوە دەڕواننە ئەو چینە پرۆلیتاریەی گوایە هیچی لەسەر نییە وەدیهێنانی پەیامە سیاسیە پڕوپووچەکانی ئەوان نەبێت لە ڕێگای یاسای پەرلەمانی و مەدەنیەت و سیکۆلاریزمەوە. خۆشیان هیچیان لەسەر نییە کۆپی کردنی ئەو بەرنامانە نەبێت کە پێش خۆیان لە ئایدیۆلۆژیستێکەوە بۆ چاکسازیی لە دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتدا نووسراونەتەوە. ئەمانەیش ئەو باڵە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیانە دەگرێتەوە کە خەم دایاندەگرێت بۆ هەژاریی چینی پرۆلێتاریا و دەیانەوێت سۆز و بەزەیی برجوازیەکان بجووڵێنن بەرامبەر بە ژمارە زۆرەکەی هەژار و برسی و بێدەرەتانان، بەڵکو تەنانەت هەوڵدەدەن برجوازیەت ئیسڵاح بکەن لە بەرژەوەندی چینە هەژارەکە، ئامۆژگاری کارگەرانیش دەکەن بینە سوپای دەنگدەر هەتا لەو ڕێگایەوە ماف بەدەستبهێنن، بەشێکیشیان داوایان لێدەکەن گوێ نەدەن بە ماندووبوون لە کارکردندا لە پێناوی بوژانەوەی ئابووریی نیشتمانیدا کە گوایە گەشەی ئەو ئابووریە لە بەرژەوەندیی خۆیانە، ئامۆژگاری برجوازیەکانیش دەکەن سنوورێک بۆ چەوساندنەوە دابنێن و لە پێناوی ئاسایشی کۆمەڵایەتیشدا دادپەروەرانە ماف دابەش بکەن بەسەر هاووڵاتیەکانیاندا.

لە بەرامبەردا کۆی بەرنامە و ئاراستەی چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی، بەمجۆرە کورت دەکرێتەوە:

- نابێت کۆمۆنیستەکان لە پەرلەمانە برجوازیەکاندا بەشداری بکەن.

- کۆمۆنیستەکان دژی سەندیکالیزمن، چونکە سەندیکا ڕێگری گەشەی بزووتنەوەی کۆمیتەکانی کارگەرانە.
- پرۆلیتاریا چینێکی سەربەخۆیە لە حیزبی سیاسی.
- ئەو شۆڕشەی حیزب سەرکردایەتیی دەکات، وەک پێویست دکتاتۆریەتی حیزب بەرهەمدەهێنێت.
- چاکسازی سەرمایەداری لەناونابات، بەڵکو بەهێزی دەکات.
- بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ برجوازیەتدا دژ بە پرۆلیتاریایە.
- بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی بزووتنەوەیەکی برجوازیە.
- ئەرکی شۆڕش دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلان نییە، بەڵکو دامەزراندنی هەرەوەزکاریەکانە لە هەموو شوێنێک.
- شۆڕشی پرۆلیتاری شۆڕشێکی ئینترناسیۆنالیستیە نەک نیشتمانی.
- هۆشیاری چینایەتیی شۆڕشگێڕانەی چینی پرۆلیتاریا لە قەیرانە سەختەکانی سیستەمی سەرمایەداریەوە سەرچاوە دەگرێت و بە هاندان و وروژاندنی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی گەشە دەکات.
- ئۆرگانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە شوێنی کار و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرهەڵدات لە فۆرمی کۆمیتەکانی کارگەراندا. ئەمە هەر بە شێوەیەکی سروشتی، لە ژێر زەبری خەباتێکی چینایەتی سەخت و چڕدا سەرهەڵدەدات، وەک سۆڤیەتەکان لە ڕاپەڕینەکانی ڕووسیا و ئەڵمانیادا لە ١٩٠٥-١٩١٧ و ١٩١٨ دا.
- پرۆلیتاریای شار وەک پرۆلیتاریای لادێ؛ بە کەڵک وەرگرتن لەم کۆمیتانە بەردەوام دەبن لە دەستبەسەراگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا لە شار و لادێکاندا و لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتدا.
- دەبێت ئەو شێواز و ئامرازانەی شۆڕشگێڕ نەبوون لە وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیدا وەلابنرێن. تۆڕی کۆمیتە کارگەریەکان ئامرازی سەرەکی شۆڕش و دینەمۆی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریان.

- ڕێکخستنی ئابووری و دابەش کردن لە کۆمەڵگادا لە کۆمیتەکانی کارگەرانەوە بەڕێوەدەبرێت بە هەماهەنگی.
- بڕیاردان دەگوازرێتەوە بۆ کۆمیتەی تایبەت لە نوێنەرانی شوێنی کار کە ئەوانیش وەک هاوکارەکانیان بەردەوام دەبن لە کارکردن و ئەرکی ئاسایی خۆشیان ئەنجام دەدەن، هەرکاتیش پێویست بوو لادەبرێن.
- بە پێچەوانەی کۆنترۆڵکردنەوە، کۆمیتە کارگەریەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ هاوکاری لە نێوان شوێنەکانی کار و هەماهەنگی نێوان بەکاربەراندا.
- بەم پێوەرانە، دەوڵەتی سۆڤێتی هەرگیز نەبووە ئاڵترناتیڤی کاپیتالیزم، بەڵکو تایپێکی نوێ بوو لە کاپیتالیزم کە ناودەبرێت بە سەرمایەداریی دەوڵەت.
- سۆشیالیزم بێ دەوڵەتە، بێ چینە، ئەمەیش تەنها ئەوکاتە ڕوودەدات کە شێوازی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی گۆڕدرابێت بە شێوازی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستی.

ئەمانە کۆی گشتیی ئەو دەرئەنجامە مێژووییە ناکۆکانەن کە چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی لە سۆشیال-دیموکراتەکان و بەلشەفیستەکان جیادەکاتەوە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. بۆ تەواوکردنی باسەکەیش، سەرنجێک ئەدەینە چەپی کۆمۆنیستی ڕووسی و چەپی ئیتاڵی.

### ٦) چەپی کۆمۆنیستی ڕووسی

مێژووی چەپی بەلشەفیزم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٧، بۆ ئەو کاتەی گروپێک لە بەلشەفیستەکان دژی پەرلەمانتاریزمی ڤلادیمیر لینین وەستانەوە. ئەمانەیش بریتی بوون لە ئەلێکساندەر بۆگدانۆڤ، ماکسیم گۆرکی، ئەناتۆلی لوناچارسکی، میخائیل

پۆکرۆڤسکی، گریگۆری ئەلێکسینسکی، ستانیسلاف ڤۆڵسکی و مارتین لیادۆڤ. ئەم گروپەی ناو بەلشەفیستەکان بەتوندی بەرهەڵستیی لینین و هاوپەیمانەکانی لینینیان دەکرد کە پێشخستنی لیبراڵ دیموکراسییان بە ڕێگەیەک دەزانی بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی کارگەران لە ڕێگای  "پەرلەمانتاریزمەوە بە هەر نرخێک بێت".

لە ساڵی ١٩١٨یشدا فراکسیۆنێک لەناو بەلشەفیستەکاندا دەرکەوت بە ناوی "کۆمۆنیستە چەپەکان"، ئەمەیش وەک پەرچەکرداری واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی برێست-لیتۆڤسک لەنێوان سۆڤیەت و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیادا. چەپی کۆمۆنیستی ڕووسی داوای بەردەوامبوونی شۆڕشی ئینترناسیۆنالیستیی دەکرد. ئەم گروپە ڕۆژنامەیەکیان دەبێت بەناوی "کۆمۆنیست". بابەتەکانی ڕەخنەیەک دەبن لە بیرۆکراتیزەکردنی دەوڵەتی سۆڤێتی، ناساندنی سیستمی ئابووریی سۆڤێتی وەک سەرمایەداریی دەوڵەت، هتد. هەر لەو دیدگایانەوە کۆمۆنیستە چەپڕەوەکان، لینینیان بە  ڕاستڕەو ناودەبرد. زۆر نابات ئەم باڵە لە بەلشەفیزمدا دەتوێتەوە و بە کۆتایی هاتنی مشتومڕی نێوان "بۆخارین" و "لینین" سەردەنێتەوە. بۆیە ئەوان هەرگیز نەبوونە بەشێک لە چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانی، ئەگەرچی سەرهەڵدانیان دەکەوێتە هەمان سەردەمەوە و ڕەخنەکانیشیان لە لینین و ترۆتسکی هاوشێوەی چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندیە.

### ٧) چەپی کۆمۆنیستی ئیتاڵی

ئەمادیۆ بۆردیگا و حیزبەکەی کە بە چەپی کۆمۆنیستی ئیتالی ناودەبرێت، هیچ پەیوەندیەکی بە چەپی کۆمۆنیستی هۆڵەندی-ئەڵمانیەوە نییە. بۆردیگا دامەزرێنەری حیزبی شیوعی ئیتاڵیە و ئەندام بووە لە کۆمینترندا. بۆردیگا پەیوەندی بە حیزبی شیوعی چینیشەوە هەبووە، بەڵام دواتر وەک ترۆتسکیست دەناسرێت و

دوورده‌خرێته‌وه‌. ئه‌و هه‌رگیز نکوڵی له‌وه‌ نه‌کردووه‌ که‌ کۆمۆنیسته‌کان ده‌توانن دژی فاشیزم له‌گه‌ڵ ڕێفۆرمیسته‌کان و لیبرالیسته‌کاندا هاوپه‌یمان بن. دواتر له‌ گرامشی و تولیاتی (Gramsci and Togliatti) یه‌وه‌ له‌ حیزب ده‌رده‌په‌ڕێنرێته‌ ده‌ره‌وه‌ و ٤٠ ساڵی دوایی ژیانی له‌ په‌راوێزی بزووتنه‌وه‌که‌دا به‌سه‌ر ده‌بات و وه‌ک لینینیستێکیش ده‌ناسرێت له‌ لینین لینینیست تر.

سه‌باره‌ت به‌ ئه‌نتۆنیۆ گرامشی ته‌نها ئه‌وه‌نده‌ به‌سه‌ بڵێین: ئه‌و زۆر ئاسان ده‌رئه‌نجامه‌ ماتریالیستیه‌کانی مێژوو هه‌ڵده‌گێڕێته‌وه‌ و کێشه‌ کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان ده‌باته‌وه‌ به‌ر سێبه‌ری فه‌لسه‌فه‌ و ئایدیۆلۆژیا و دروستکردنی ڕۆشنبیر، ئه‌مه‌یش وه‌ک خۆی ده‌ڵێت به‌ دژایه‌تی ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنه‌کان، ئه‌ویش له‌ پێناوی دروستکردنی گروپێکی تایبه‌تیدا له‌ ڕۆشنبیره‌ سه‌ربه‌خۆکان، به‌هۆی ئه‌وانیشه‌وه‌ ڕۆشنبیر کردنی جه‌ماوه‌ره‌ میللیه‌ دواکه‌تووه‌که‌. ئا ئه‌م وه‌همه‌ فه‌لسه‌فیه‌ی گرامشی ئێجگار بڵاوه‌ له‌نێو چه‌په‌کانی ئه‌مڕۆی جیهاندا. ئه‌وان به‌پێچه‌وانه‌ی چه‌پی کۆمۆنیستی ئه‌ڵمانی-هۆڵه‌ندیه‌وه‌ وایراده‌گه‌یه‌نن بڵاوکردنه‌وه‌ی فیکری شۆڕشگێری جیهان ده‌گۆڕێت، ئه‌و فیکره‌یه‌ش له‌ ده‌ره‌وه‌ی بزووتنه‌وه‌ی واقیعیه‌وه‌ ده‌هێنرێته‌ ناو بزووتنه‌وه‌که‌وه‌. ئه‌مه‌یش هه‌مان ئه‌و ئایدیایانه‌یه‌ که‌ کاوتسکی له‌ بزووتنه‌وه‌ی سۆشیالیستیدا ده‌یچاند و لینین بره‌وی پێده‌دا. به‌لای ئه‌وانه‌وه‌ ئه‌رکی ڕۆشنبیر گواستنه‌وه‌ی بیر و ئایدیایه‌ بۆ ناو بزووتنه‌وه‌که‌، ئیتر به‌بێ ئه‌وه‌ی ئه‌و ڕاستیه‌ مێژووییه‌ ببینن که‌ ئایدیۆلۆژیا ئیدراکی واقیع ناکات وه‌ک ئه‌وه‌ی هه‌یه‌. ئایدیۆلۆژیست ناتوانێت وێنه‌یه‌کی ڕاسته‌قینه‌ی واقیعمان بۆ بگوازێته‌وه‌، به‌ڵام زۆر ئاسان ده‌توانێت واقیعێکی ساخته‌مان بهێنێته‌ پێشچاو. به‌پێچه‌وانه‌ی چه‌پی ئیتاڵی و گرامشیه‌وه‌، چه‌پی کۆمۆنیستی ئه‌ڵمانی-هۆڵه‌ندی ئه‌م وه‌همه‌ له‌بنه‌ڕه‌ته‌وه‌ هه‌ڵده‌گێڕێته‌وه‌. به‌لای ئه‌وانه‌وه‌: هۆشیاری چینایه‌تیی شۆڕشگێرانه‌ی پرۆلیتاریا له‌ قه‌یرانه‌ سه‌خته‌کانی سیستمی سه‌رمایه‌داریه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێت و به‌ هاندان و وروژاندنی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی گه‌شه‌ ده‌کات.

## ٨) چەپی کۆمۆنیست لە ١٩٦٨بەدواوە

جووڵانەوە شۆڕشگێڕیەکەی ١٩٦٨ ی فەرەنسا، بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی بیرۆکەی چەپی کۆمۆنیستی لە ئەوروپادا کە بە هۆیەوە گروپە جیاوازەکان پێکدەهاتن و گۆڤارەکانیان بڵاوکردەوە و دەکەوتنە چالاکی نواندن. ئەمە هەتا کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو دەخایەنێت، ئەوکاتەی هێشتا بە هۆکاری گەشانەوەی دوای قەیرانەکانی جەنگی جیهانی دووهەم، ئاشتی نێوان چینەکان باڵی بەسەر بزووتنەوەی پرۆلیتاریای جیهانیدا کێشابوو، وە ڕێی نەدا لە هیچ شوێنێکی تر، هاوشان بە هەڵکشانە شۆڕشگێریەکەی فەرەنسا، ئەو بزووتنەوەیە بکەوێتە مارشێکی ئینترناسیۆنالیستیەوە. بەڵام ئەوە سەرەتای قەیرانێکی جیهانی نوێ و بەدوایدا گەڕانەوەی پرۆلیتاریای ئینترناسیۆنالیستی بوو بۆ گۆڕەپانی خەبات، بۆیە دوای چەپی کۆمۆنیستیش، هاوشان بە گەشەی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا لێرە و لەوێ، گروپە بچووکە کۆمۆنیستیە جۆراوجۆرەکانیش سەریان هەڵدا، زۆرینەشیان لە وڵاتە سەرمایەدارییە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا بوون و لە زۆر لایەنیشەوە لەو توخمە شۆڕشگێرەی چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی بوون. لایەنگرانی هەرە دیاری ئەو بزووتنەوەیە لە دوای ساڵی ١٩٦٨ەوە پاوڵ ماتیک بوو کە بە حەق بە دانراوەکانی، توانی چەپی کۆمۆنیست بهێنێتەوە ناو باس و خواسەکانی ئەم چەرخە. ئەوەیشی لە هەموو شتێک گرنگترە کۆتایی ئەم مەدخەلە مێژووییەی پێهێنرێت دەربارەی چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی، لەکاتێکا ئەم باسە هەر تەنها مەدخەلێکە و هیچی تر، ئەوەیە کە سەرباری هەموو کەموکوڕیەکانی، سەرباری هەڵە و ناتەواویە فیکری و پراکتیکیەکانی، ئەو بزووتنەوەیە دوا ئامانج بە خۆبەڕێوەبردنی بەرهەمهێنەران دادەنێت لە کۆمۆنە هەرەوەزکاریەکاندا، ئەو کۆمەڵگا هەرەوەزکاریەی دەخرێتە جێگای کۆمەڵگای کاری کرێگرتەی سەرمایەداری و هەموو کەسێکیش لەو کۆمەڵگایەدا دەبێتە کارگەر. هەرکات کۆمەڵێک هەرەوەزکاری لەژێر دەستی کۆمیتە کارگەریەکاندا ڕێکخران،

ئەوکاتە ئاژاوەی بەرهەمهێنان و نۆبە دەوریەکانی قەیرانی ئابووری بۆ هەمیشە وون دەبن. ئەوەیش هیچ ناگەیەنێت سەرکەوتنی حەتمی کۆمۆنیزم نەبێت بەسەر سەرمایەداریدا. لەو ڕووەوە لە ١٩١٤ دا، سەبارەت بە جەنگی گەورەی ئەورویا و سۆشیالیزم، ئەنتۆن پانیکۆک دەنووسێت:

"کارگەرە هۆشمەندەکان ئارەزووی بەردەوام بوون دەکەن لە خەباتدا لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی هەرەوەزکاریدا، کۆمەڵگای سۆشیالیستی" (ئەنتۆن پانیکۆک).

## ٩) پوختەی باس

ئەم باسە تەنها سەرەتایەک بوو بۆ ئەو تێز و بابەتانەی هاوپەیوەستن بە ناکۆکی نێوان ئەو سۆشیالیستانەوە کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دابەش دەبن بەسەر سێ تەوژمی جیاوازدا: سۆشیال-دیموکراتەکان، بەلشەفیستەکان، چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی. دوا ووشەیش لەو بارەیەوە جێدەهێڵین بۆ پاوڵ ماتیک:

"هەرکەس دەیەوێت، با بەرنامەی ئەو گروپانە بەراوورد بکات کە ناکۆکن لەگەڵ بەرنامەی بەلشەفیزم، ئەوکاتە یەکسەر دەبینێت ئەو ڕێکخراوە نوێیانە تەنها لە هەوڵی ئەوەدان ئەوە بژێیننەوە کە لە مێژوویەکی نەخوازراودا تێکشکا" (پاوڵ ماتیک).

تەواوی ناکۆکیەکانیش لەم بابەتانەدا کورت دەکرێنەوە: پرۆلیتاریا و پەرلەمانتاریزم، پرۆلیتاریا و سەندیکالیزم، پرۆلیتاریا و بەرەی یەکگرتوو، ڕۆڵی حیزب لە بزووتنەوەی پرۆلیتاریادا، خەسڵەتی ڕێکخراوی شۆڕشگێری پرۆلیتاریا، سەرمایەداریی دەوڵەت،

هتد. ئەمانەیش لەلای چەپی کۆمۆنیستی ئەڵمانی-هۆڵەندی، لەژێر یەک ناونیشاندا کۆدەبنەوە: کاونسڵ کۆمۆنیزم!

هەر لەو دیدگایەوە پاوڵ ماتیک دەنووسێت: "ڕووسیا سەلماندی کە ئابوورییەکی دەوڵەتیی لەم شێوەیە، جگە لە سەرمایەداریی دەوڵەت ناتوانێت شتێکی تر بێت. کارگەر کە وەک کارگەرێکی مووچەخۆر دەمێنێتەوە، لێرەدا بەستراوەتەوە بە بەرپرسیارێتی دەوڵەتەوە بەرامبەر بە کار، لە کارگەکانی دەوڵەتدا کاردەکات و هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت بە دەوڵەت ... هەتا سامانی کۆمەڵگایش زیاد بکات وەک موڵکدارێتی دەوڵەت، چەوساندنەوەی کارگەرانی کرێگرتەیش زیاد دەکات و هەر لاوازتریش دەبن. کاتێک سامانی کۆمەڵگا دەبێتە موڵکی دەوڵەت، هەژاریی کارگەرانی کرێگرتەیش هەر زیاد دەکات؛ دەرئەنجامە پێویستیەکەیشی خەباتی چینایەتییە لە نێوان کارگەرانی کرێگرتە و بیرۆکراسیەکانی دەوڵەتدا .. هیچ بژاردەیەکیش بۆ بیرۆکراسیەت نامێنێتەوە جگە لە فراوان کردنی ئامێری سەرکوتکارانەی دەوڵەت کە دەبێت لەسەر هەمان ئەو پێوەرە گەشە بکات بۆشاییەکە فراواتر دەکات. هەتا دەوڵەت دەوڵەمەندتر بێت، هەژاریی کارگەران زیاتر دەبێت و خەباتی چینایەتییش توندوتیژتر دەبێت" (پاوڵ ماتیک).

سەرچاوەکان:


1) Council Communist Theory, Peter J. Rachleff, 1976,
2) The Communist Left in Germany, 1918-1921, Gilles Dauvé / Denis Authier
3) Council Communism,  Mark Shipway, 1987
4) The mass strike, the political party and the trade unions, Rosa Luxemburg, 1906
5) Russian Revolution, Rosa Luxemburg,, 1918
6) The World Revolution, Herman Gorter, 1918
7) Anton Pannekoek, The Great European War and Socialism, 1914
8) Anton Pannekoek, Workers' Council, 1941-1942, 1944-1947
9) Programme of the (KAPD) *Kommunistische Arbeiter-Partei Deutschlands,* Communist Workers Party of Germany, May 1920
10) Program of (AAUD) *Allgemeine Arbeiter-Union Deutschlands*; The General Workers' Union of Germany, December 12-14, 1920
11) Gramsci, Selections from the Prison Note Books
12) Leninism or Marxism? Paul Mattick, Introduction, 1935